گۆڕانکاری لە پۆستە باڵاکانی فەرماندەیی هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی

عەبدولئەمیر شەمری وەزیری ناوخۆ، ئەمڕۆ شەممە، ژمارەیەک گۆڕانکاری لە پۆستە باڵاکانی فەرماندەیی پۆلیسی فیدراڵیدا ئەنجامدا.

وەزارەتی ناوخۆ لە بەیاننامەیەکدا کەدەستی موتەبع کوتووە، باڵاویکردووە شەمری "عەمید هیشام خەلیفی بە پۆستی فەرماندەی فیرقەی دووی پۆلیسی فیدراڵی ڕاسپاردووە". لە بەیاننامەکەدا ئاماژەی بۆکردووە، شەمری "عەمید جاسم تاهیری ڕاسپاردووە بە فەرماندەیی فیرقەی یەکەمی فەرماندەیی پۆلیسی فیدراڵی".

هێژی چوارشەممە، سەرچاوەیەکی ئەمنی باڵاویکردۆتەوە، ژمارەیەک ئەفسەر ئەرک و پۆستی نوێیان لە ناو وەزارەتی ناوخۆدا پێسپێردراوە. سەرچاوەکە ئاماژەی بۆکردووە، "لیوا عەباس زامیلی وەک ڕاوێژکاری وەزیری ناوخۆ بە هەواڵگری پارێزگاکان دەستنیشانکراوە".

ئاماژەی بۆکرد، "هەروەها لیوا عیرفان چەلوب وەک بەڕێوەبەری هەواڵگری بەسرە دەستنیشانکراوە".

هەر بەپێی سەرچاوەکە گۆڕانکارییەکان بریتیش بوون لە "ڕاسپاردنی عەمید نەبیل کینانی بە پۆستی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیاری، و ڕاسپاردنی لیوا عەباس بتی بە پۆستی بەڕێوەبەری هەواڵگریی بەغدا/کەرخ".